# فاكتەرەكانی كار دەكەنە سەر دابەشبوونی دانیشتوان


- جیاوازی دابەش بوونی دانیشتوان لە هەر هەرێم و ناوچەیەك دەرئە نجامی كارلێك كردنی نێوان كۆمەلێك فاكتەری سروشتی و مرۆین كە بەیەكەوە ئاوێتە دەبن لە ئە نجامیشدا . وێنەی كۆتایی دابەش بوونەكە دەنوێنێت.
- فاكتەرە سروشتیەكان: ململانێ لە نێوان ئادەمیزاد و ژینگەی سروشتی دیرۆكێكی لە مێژینەی هەیە بۆ ئەو كاتە دەگەرێتەوە كە ئادەمیزاد لەسەر رووی زەوی پەیدابووە، لەگەلٚ ئەو هەموو پێش كەوتنانەیی كە ئادەمیزاد لە بوارەكانی تەكنەلۆجیا و شارستانی بە دەستی هێناوە ، هەولٚی كەم كردنەوەی كاریگەری فاكتەری سروشتی یەكانی داوە كەچی تاوەكو ئێستا نەتەوانراوە رێگا لە هەندێك دیاردەی سروشتی وەك تەقینەوەی كانە ئاگرینەكان یان گەردەلول یان بومەلەرزە...هتد بگیرێت دیارە كاریگەری ئەو فاكتەرانە لە كۆمەلگابەراییەكاندا بە شێوەیەكی زۆر زەق تر دەردەكەوێت
- فاكتەرە سروستیەكان كۆمەلێك توخمی سروشتی دەگرێتەوە كە هێزی كاركردنیان

- له كاتێكەوە بۆ كاتێكی ترو له كۆمەڵگایەك بۆ كۆمەڵگایەكی تر جیاواز دەبێت
- لێكۆلینەوە لەدیاری كردنی كاریگەری فاكتەرە سروشتیەكان پیش فاكتەرە مرۆییەكان له لایەن جوگرافیەكان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە توخمە سروشتیەكان بنەمای بوونی ژیان و شارستانیەت لەسەر رووی زەوی ئەو فاكتەرە سروشتیانەی كە كاریگەریان لەسەر دابەش بوونی دانیشتوان داناوە كۆمەلێكن، بەلاّم ئەوەی جێگای تێبینیە ئەو فاكتەرانە بە شێوەیەكی جیا لە یەكتری كار ناكەنە سەر دابەش بوونەكە بەڵكو هەموویان بەیەكەوە ئاوێتە دەبن كارلێك دەكەن تا لە ئەنجامدا وێنەیەكی روونی دابەش بوونەكە نیشان دەدان جا بە مەبەستی هەرچی زیاتری دەرخستنی كاریگەری فاكتەرە سروشتی یەكان لێرەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەكی جیا لە یەكتری باس لە كاریگەری هەریەك لە توخمە سروشتی یەكان بكەین .

## فاکتەرە سروشتییەکان

- 1- بەرزی و نزمی رووی زەوی : جۆراو جۆری رووی زەوی لە نیوان ( دەشت و بان و چیا )رۆلی گەورەیان لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان و جیاوازی چرییان هەیە بە شیوەیەکی گشتی دەشتەکان چاکترین جۆری روون بۆ نیشتەجیبوونی دانیشتوان ئەویش بەهۆی ئاسانی هاتوو چۆ تیایاندا به کەلکهاتنیان بۆ کشتوکالکردن هەر ئەمەشە وایکردووە کە دەشتەکان چری دانیشتوانیان تیدا بەرز بیت لە زۆربەی بەشەکانی جیهان هەر بۆ نمونە لە دەشتەکانی دوورگەی جاوە لە ئەندەنوسیا چری دانیشتوان دەگاتە زیاتر لە ( 5000 ) کەس/کم2 بەس ئەمە ئەوە ناگەیەنیت کە دەشتەکان لە هەموو شوینەکانی جیهان چاکترین شوین بن بۆ نیشتە جیبوون بەجۆریك رووبەریکی فراوان لە دەشتەکانی سیبریا کە دەکەونە بازنە پانەکانی سەروو کە ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانە چری دانیشتوان تیایدا لە 1 کەس لە کم2 زیاتر نیە هەروەها دەشتەکانی ئەمەزۆنیش ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانن ئەویش بەهۆی نە گە نجاوی ئاوو هەواکەی

- هەر بۆیە دانیشتوان لەناوچە خولگەییەکان لە شوینە بەرزەکان نیشتە جیدەبن بەهۆی:
- 1- فینکی ئاوو هەوای ناوچە بەرزەکان
- 2- کەمبوونی کاریگەری نەخۆشیە خولگەییەکان لە ناوچە بەرزەکان
- 3- بوونی خاکی ئاگرین شیاو بۆ کشتوکال لەم ناوچانە
- بە جۆریك زنجیرە شاخەکانی ئەندیز زیاتر لە 98٪ی دانیشتوانی کۆلومبیاو 85٪ی دانیشتوانی پیرۆو هەروەها زیاتر 75٪ ی **دانیشتوانی بولیفیا لە بەرزی 3000 م دەژین پایتەختی وولاتەکەش کە شاری (لاباز)ە لە بەرزی 3600م هەلکەوتووە**




توزيع اليابس والماء على سطح الأرض

- هەروەها لە قارەی ئەفریقیاش چڕی دانیشتوان لە ناوچە خولگەییەکان زۆر دەبێت هەر بۆیە دەکرێت بڵێین کە ناوچە شاخاوییە بەرزەکان لە ناوچە خولگەییەکان ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوانن هەرچی ناوچە شاخاوییەکانی بازنە پانەکانی سەروون پارمەتی نیشتەجێبوونی دانیشتوان نادەن بە جۆرێك بەرزترین نشینگە لە وولاتی نەرویج لە بەرزی 600م زیاتر نیە لە ئایسلندا لە 200م زیاتر نیە
- هەروەها لە بازنە پانەکانی ناوەندیش چڕی دانیشتوان زیاد دەکات لە دەشتەکان بە جۆرێك لە دەشتەکانی البو لە ئیتالیا دەگاتە 300 کەس/کم2 کەچی لە چیاکانی ئەلب کەمدەکات بۆ 6 کەس/کم2 لە هەموو ئەمانە بەوە دەگەین کە بڵێین بە شێوەیەکی گشتی ناوچە شاخاوییە بەرزەکان بە کەمی چڕی دانیشتوان دەناسرێن بەجۆرێك پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان بەرزی ڕووی زەوی و چڕی دانیشتوان

- هەر سەبارەت بە کاریگەری بەرزی و نزمی لە سەر دابەشبوونی دانیشتوانی جیهان (ستافزکی) لە لیکۆلینەوەیەکیدا بەم دەرئەنجامە گەیشتووە کە (9/10) دانیشتوانی جیهان لە ناوچەیك دەژین کە (500م) کەمتر لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزن و لە سەر رووبەریکی زەوین کە (57.3٪) کۆی رووبەری ووشکانی پتر نیە . هەر لە لیکۆلینەوەکەیدا ئەوەی بۆ ساغ بۆتەوە
- کە نزیکەی (56,2٪)ی دانیشتوانی جیهان لە ناوچەیەك دەژین کە (200م) لەئاستی رووی دەریا بەرزن .
- جیگای ئاماژە بۆ کردنە ئەو ئاستە لە بەرزی ( سفر -200 م) تەنها (27,8٪) ی کۆی رووبەری ووشکانی پیکدینیت, چری دانیشتوانیش لەم ئاستەدا دوو ئەوەندەی ناوەندی چری جیهانییە.

- هەرچی دۆڵەکانیشه لە ناوچە شاخاویەکان ریگایەکن بۆ گەیشتن بە ناوچەکانی ترو شوینی گردبوونەوەی زۆری دانیشتوانن
- هەروەها ناوچەی (پیدمۆنت) (Piedmont) (مقدمات الجبال) واتە دەسپیکی شاخەکان خالی بەیەکگەیشتنن لە نیوان ژینگە جیاوازەکان , هەروەك چۆن دەسپیکیشن بۆ دەرکەوتنی پشتینەیەکی چریی دانیشتوان وەك لە (باکووری خۆرهەلاتی بەریتانیا) دەبیندریت هەروەها .شاری هەولیریش نمونەیەکی باشە
- بە شیوەیەکی گشتی دەکریت بلیین ناوچە بەرزەکان بە کەمی چری دانیشتوان دەناسرین ئەوەش بۆ ئەو ئاستەنگانە دەگەریتەوە کە ناوچە بەرزەکان لە بەردەم کۆبوونەوەی دانیشتوان دروستیان دەکەن کە ئەمانەن

# ئاستەنگەکان

- ئاستەنگە میکانیکیەکان
- ئاستەنگە سروشتیەکان
- ئاستەنگە زیندەگیەکان
- 1- ئاستەنگە میکانیکیەکان: خۆی لە وگرانیە دەبینیتەوە کە ناوچە بەرزەکان لەبەردەم جوولەی ئادەمیزاد دروستی دەکەن دیارە ئەم گرانیەش زۆر تر دەبیت تا پلەی لیژی لاپالەکە زۆر تربیت یان لاپالەکە لە ژیر سیبەری باران بیت یان بەردەلانبیت و گژو گیای پیوە نەبیت .

# ئاستەنگە سروشتیەکان

- خۆی لە نزم بوونەوەی پلەی گەرمی دەبێتەوە وەك دەزانرێت تا 150 مەتر بەرز بینەوە یەك پلەی سەدی کەم دەکات باران بارنیش زیاد دەکات تا بەرزیەکی دیاری کراو گەر لە مەش زیاتر بەرز بینەوە جۆری دابارین لە بارانەوە دەگۆرێت بۆ بەفر. سەبارەت بەپاڵەپەستۆی هەواش بەبەرزبوونەوە کەم دەکات بە جۆرێك پەستانی هەوا لە بەرزی (6000م ) بۆ 2/1 کەم دەکات بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی گرانی هەناسەدان توش بوون بە نەخۆشیەکانی دەمار و خوێن بەربوون گەر لەمەش زیاتر بەرز بینەوە دەبێتە هۆی مردن چونکە جەستەی ئادەمیزاد بەرگەی ئەم ژینگەیە ناگرێت .

# ئاستەنگە زیندەگیەکان

- کە پەیوەندی بە بەرهەم هێنانی خۆراك هەیە بە جۆرێك بەرزی و نزمی تارادەیەکی زۆر ڕووبەری زەویە کشتوکاڵیەکان دیاری دەکات، کاریگەری لەسەر پەرت بوونی ڕووپێوە کشتوکاڵیەکان دەبێت وەك لە ناوچە شاخاویەکان دەبینرێت کە ڕووبەری زەوی بەردەلاَن زۆر بێت جگە لەو زەویە کشتوکاڵیەکان بە شێوەی پەلەی بچوك لە دامێنی شاخەکاندا یان دۆڵەکاندا دەردەکەوێت کە بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی ئەم ناوچانە دا دەبینێت بۆیە دەکرێت بڵێن پەیوەندیەکی پیچەوانە لە نێوان درامەتە خۆراکیەکان چڕی دانیشتوان لە لایەك و بەرزی و نزمی سەر ڕووی زەوی لە لایەکی تر هەیە بە جۆرێك هەریەك لە دەرامەتی خۆراك و چڕی دانیشتوان کەم دەبن بە بەرزبوونەوە لە ئاستی ڕووی دەریا جگە لە هەندێك ناوچەی خولگەی دەرهێنانی کانزا نەبێت .

- بەشیوەیەکی گشتی ناوچە شاخاوییەکان ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانن بە تایبەت ئەگەر بیت و شاخەکان سەخت بن و لا پالەکانیان زۆر لیژبن یان لە ژیر سیبەری باران بن یان لە هەریمە ساردەکان بن لە بەرامبەردا شاخەکان ناوچەی راکیشانی دانیشتوانن لە ناوچە خولگەییەکان لیرەدا دەکریت بلیین کاریگەری شاخەکان لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان بەندە بە چەند مەرجیك لەوانە
- 1- بەرزیان لە ئاستی رووی دەریا
- 2شوینی فەلەکیان
- ئالۆزی یان سەختی و هەژاریان

# دووەم / ئاوو هەوا

- بە یەکێك لە فاکتەرە سروشتی یەکان دادەنرێت کە کار دەکاتە سەر دابەش بوونی دانیشتوان چونکە پەیوەندی بەهێزی بە ژیان و ژینگەی ئادەمی یەوە هەیە کاریگەری ئەم فاکتەرە لەسەر دانیشتوان دووسەرەیە لەسەرێکەوە کاریگەری راستەوخۆ ی هەیە ئەویش لە ریگای کاتیکردنی لە سەر جەستەی مرۆف و جۆری چالاکییەکان شێوازی ژیان ئەو توانایانەدا هەیە کە دانیشتوان دەیخاتە گەر بۆ دەست بەسەر داگرتن و وبەرهێنانی سامانەکان.
- لەسەریکی تریشەوە کاریگەری ناراستەوخۆ لەسەر دانیشتوان دەبێت لە رێگای کارتێگردنی لەسەرژیانی رووەکی کە کاریگەری لە سەر گەشەو دابەشبونیان دەبیت

- له گرینگترین ئەو بەڵگانەش کە کاریگەری ئاووهەوا لەسەر دابەش بوونی دانیشتوان پیشان دەدەن ئەوەیە پانتایەکی فراوانی جیهان چری دانیشتوان تیادا لە (1 کەس/ کم2) کەمترە ئەویش بەهۆی بەرزی زۆری پلەکانی گەرمی یان بە هۆی دابەزینی زۆری پلەکانی گەرمی،
- یەکێك لەو لێکۆلینەوانە کە زانای (بیکەر) کردوویەتی گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامە کە (16,4) ملیۆن کم2 بە کەڵکی کشتوکاڵ کردن نایەت بەهۆی دابەزینی زۆری پلەی گەرمی(38,4) ملیۆن کم2 جارێکی تر بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت بەهۆی ووشکی و بەرزی پلەی گەرمی، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بلێن ناوچە ساردەکان ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانە ئەمەش زۆر بەروونی لە بەشەکانی باکوری هەریەك لە قارەی ئاسیا و ئەوروپا و ئەمریکای باکور تێبینی دەکرێت، چونکە نزمبوونەوەی پلەی گەرمی لەم ناوچانە دەبیت بە مایەی دروستکردنی گرفت لە سوری خوین
- سەبارەت بە بەرزی پلەی گەرما زۆری ڕادەی شێ لە هەوادا زیان بە ژیانی ئادەمی دەگەینێت ئاستەنگ لە بەردەم چالاکی یەکانی دروست دەکات

- هەروەها چری دانیشتوان کەم دەبیت لە ناوچە خولگەییە شیدارەکان ( دارستانی ئیستوائی )کە ژینگەیکی گونجاوە بۆ بلاو بوونەوەی زۆر لە بەکتریاو میش و مەگەز کە ئەوانیش دەبن بە مایەی بلاو بوونەوەی زۆر نەخۆشی جیگای ئاماژەیە کە هەریمە گەرمە شیدارەکان لە ئەمریکای باشوورو ئەفریقیاو ئوسترالیا نزیکەی 28٪ی کۆی رووبەری ووشکانی پیکدینن کەچی کەمتر لە 8٪ ی دانیشتوان بە خۆوە دەگرن بە مجۆرە چری دانیشتوان تیایاندا لە 6 کەس /کم2 زیاتر نیە لە بەرامبەر دا زۆربەی زۆری دانیشتوان لە نیوان بازنەکانی پانی 20و 60 باکوور نیشتەجین بە هۆی فینکی ئاوو هەوای ئەم ناوچانە


# خاك

- بەو توێژاڵە تەنكە ووورد بووە دەگوترێت خاك كە چینی سەرەوەی توێكلی زەوی دادەپۆشێت كە مرۆڤ لەو رێگایەوە سەرچاوەكانی ژیانی تێدا دەست دەكەوێت، ئەگەر بارودۆخەی ژینگەكەی لەبار بێت بۆ گەشەكردنی رووەك
- كاریگەری ئەو فاكتەرە لەسەر دابەش بوونی دانیشتوان بە شێوەیەكی راستەوخۆ دەرناكەوێت بەڵكو پشت بەستن بە خاك وا دەكات بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ كار بكاتە سەر كۆبوونەوەی دانیشتوان لەو ناوچانەی جۆری خاكەكانیان باشە بە كەڵكی كشتوكاڵ دێت بە پێچەوانەی ئەمەش راستە. دیاری كردنی كاریگەری ئەم توخمە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان كارێكی ئاسان نیە چونكە جیاوازی هەرێمایەتی لە دابەش بوونی خاك

- تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە توخمە سروشتیەکانی تر، وەك بەرزی و نزمی و ئاووهەوا و ڕووەکی سروشتی بەلاّم لەگەلّ ئەمەش دا دەکرێت بە یەکێك لە توخمە گرینگەکان دابنرێت کە کار دەکانە سەر دابەش بوونی دانیشتوان لە بەراورد پێ کردنی نەخشەی دابەش بوونی دانیشتوانی جیهانیش بە نەخشەی دابەش بوونی خاك تێبینی ئەو دەکرێت کە چڕی و قەبارەی دانیشتوان زۆر دەبێت لەو ناوچانەی کە جۆری خاکەکانیان باشن. وەك لەسەر خاکی لافاوکردی بەپیز لە دەلتای رووبارەکان لە باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا ( دوورگەکانی جاوە) و لە دەلتای نیل دەبیندریت کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کشتکار لە سەریان کۆبونەتەوە, هەروەها خاکی گرکانی و خاکی (تشرۆنیزم) لە پشتینەی کورتە گیای ستیپس هەمان رۆل دەبینن لە کۆبوونەوەی دانیشتوان لە سەریان لە بەرامبەردا چڕی قەبارەی دانیشتوان کەم دەبێت لە سەر خاکی (بۆدزل) لە ناوچە فینکەکان هەروەها لە ناوچە خولگەییەشیدارەکانیش لەوشوینانەی کە جۆری خاکی (لەترایتی سوور) بە خۆوە دەگرن گردبوونەوەی دانیشتوانیان لە سەر کەم دەبیت . .

ئـاو

- سەرچاوەیەكی ژیانەو بە بیٚ بوونی ئەو سامانە ژیانیش نابیٚت هەر بۆیە ئادەمیزاد هەردەم لەم شویٚنانە كۆ دەبیٚتەوە كە سەرچاوەی ئاویان لیٚ یە ئەو فاكتەرە هەر لە كۆنەوە كاریگەری لەسەر نیشتە جیبوونی دانیشتوان هەبووە كەمی ئەم سامانە لە هەندیٚك كاتدا هۆكار بووە لەسەر كۆچ كردنی بەشیٚك لە خەڵكەكەی بۆیە دەكریٚت بڵیٚین دەرامەتی ئاو بە گرینگترین فاكتەرە دادەنریٚت كە كاریگەری لەسەر دابەش بوونی دانیشتوان و جیاوازی چڕیان هەبووە بە شیٚوەیەكی گشتی ئەو ناوچانەی كە سەرچاوەی ئاویان بە ئەندازەی پیٚویست هەیە چڕی و قەبارەیان دانیشتوان تیٚدا زۆر دەبیٚت بە پیٚچەوانەی ئەمەش راستە، چونكە ئاو تا چەند گرنگە بۆ ئادەمیزاد ئەوەندەش گرنگە بۆ رووەك و ئاژەڵ كە مرۆڤ پشتی پیٚ دەبەستیٚت بۆ دابین كردنی پیداویستیەكانی، وەك ئاشكرایە ئاو بەسیٚ شیٚوە دەردەكەویٚت باران ـ ئاوی سەر زەوی ـ ئاوی ژیٚر زەوی  جۆرو بڕی ئەم سەرچاوانە كاریگەریان دەبیٚت لەسەر دابەش بوونی دانیشتوان بە جۆریٚك گەر وولاٌتی عیٚراق بە


نەخشەی ( 44 )
بەرزی و نزمی (سروشتی) عیراق
بەرزی لە ئاستی رووی دەریا( مەتر )
3000 2000 1000 500 200 100 0
0 50 100 150 km
تورکیا
سوریا
ئێران
ئەردەن
شانشینی عەرەبی سعودی
کوێت
دهۆك
موسڵ
هەولێر
سلێمانی
کەرکوك
تکریت
بەعقوبە
رەمادی
بەغدا
کەربەلا
حیللە
کوت
نەجەف
دیوانیە
عەمارە
سەماوە
ناسریە
بەسرە
N
S
W
E
40
42
44
46
48
36
34
32
30

- نموونە وەرگرین تێبینی ئەو دەگرێت کە جیاوازی سەرچاوەکانی ئاو لە نێو بەشەکانی عێراقدا تارادەیەکی زۆر کاریگەریان لەسەر شێوازی دابەش بوونی دانیشتوانەکەی هەبووە بە جۆرێك لە بەشەکانی باکوردا واتە لە هەرێمی کوردستان پشت بەستنی خەڵکەکە بە پلەی یەك بە ئاوی باران لە کشتوکاڵ کردنیان کاریگەری جێ هێشتووە لەسەر شێوازی دابەش بوونی دانیشتوان لەم ناوچەیە بە جۆرێك دانیشتوان شێوازێکی بڵاوبوو (النمگ المنتشر) وەرگرتووە لە بەرامبەردا ناوچەکانی باشور و ناوەراستی عێراق کە بە پلەی یەکەم پشت بە ئاوی سەر زەوی بە تایبەتی هەردوو روباری دیجلە و فورات دەبەستن کاریگەری لەسەر شێوازی دابەش بوونی دانیشتوانەکەی هەبووە لە سەیر کردنی نەخشەی دابەش بوونی دانیشتوان لە عێراقدا تێبینی ئەو دەکرێت کە خەڵکی ئەم ناوچەیە بە

- درێژایی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات و لقەکان بە شێوەیەکی هێڵی کرد واتە (النمط الخطی ) کۆ بونەتەوە هەرچی بەشەکانی ڕۆژئاواش کە ڕادەی دابارین کەمە ئاوی سەر زەویان وەك پێویست نیە بۆیە دەبینین قەبارە و چڕی دانیشتوان لەم بەشەدا کەم دەبێت دانیشتوان پشت بە ئاوی باران دەبەستن. بە شێوەیەکی پەرت (النمط المبعثر ) دابەش دەبن لە دەوری مێرگ و بیرەکان کەواتە دەکرێت بڵێن جۆری سەرچاوە ئاوییەکان تاڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لە قەبارە وشێوازی دابەش بوونی دانیشتوان بەلاَم ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیەکە مەرج نیە هەر ناوچەیەك ئاوی زۆر بێت دانیشتوانی زۆر بێت بەڵکو زۆر جار بوونی ئاوی زۆر لە ناوچەیەك هۆکارە لە وەدەرنانی دانیشتوان، چاکترین نموونە ناوچەی هۆر و زەلکاوەکان لە باشووری عێراق .

## پیگەی کیشوەری و دەریایی

- لە سەیر کردنی نەخشەی دابەش بوونی دانیشتوان جیهان تێبینی ئەو دەکرێت کە ناوچە کەنارەکان یان ئەوانەی لە کەنارەوە نزیکن ناوچەی ئاوەدان بە دانیشتوان کەچی تا بەرەو ناوەوەی قارەکان برۆین وردە وردە گردبوونەوەی دانیشتوان بە ئاراستەی کەم بوون دەچێت
- بە جۆرێك (کلارك) پیِ ی وایە لە 75٪ دانیشتوانی جیهان لە دووری 610میل لە کەنارەکانەوە دەژین کۆبوونەوەی زۆری دانیشتوان لە کەنارەکان لە ئە نجامی ئەوەوەیە کە
- زۆربەی هەرە زۆری رووبارەکان لەشوێنی تێ رژانیان بە ئاوی دەریاکان دەلتا دروست دەکەن وەك ئاشکرایە دەلتاکانیش شوێنی ڕاکیشانی دانیشتوان بە هۆی بە پیِزی خاکەکایان بۆ کشتوکاڵ و ئاسانی هاتووچۆ
- کەنارەکان جیاوازن لە رووی چڕی دانیشتوان بەهۆی سروشتی جیۆلۆجی و جۆری ئاووهەوا ورادەی دەوڵەمەندیان بە سامانە دەریا یەکان و پیگەی جوگرافیان بە پیِ ی ناوچەکانی بەرهەم هێنان و بەکاربردن لە جیهاندا

GROUP-J